# کۆچی لاوان... هێمایەك بۆ نائومێدی

**کاوە حسێن**
kawahussen@yahoo.com

**هەرکەباس لەکۆچ دەکریٚ زۆربەی ئەوانەی کەبە خەیاڵماندا دێت چینی لاوان,بەتایبەت تر نەوەی دواى ڕا پەرین ,خۆی لەخۆیدا ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگریٚ کە چینی پێشتر یاخود نەوەی بەر لەڕا پەرین نەوەیەك بوون ڕەنگە سەردەمی دواى ڕا پەرین بەسەردەمێکی باش گونجاو بزانن ئەمەش بۆهەندیکیان ڕەنگە ڕاستبێت,چونکە پێشتر بەهۆی ئەو بارە سیاسیە ی کە ڕژێمی بەعس بەڕێوەی دەبرد بۆبەشیك لەم چینە نەگونجاوبووە ,بۆیە بەبینینی ئەم بارودۆخەی کەئێستا هەیە تا ڕادەیك ڕەزامەندی لای بەشێك لەمان درووست کردووە,بۆیە ئەو بەشە زۆرەی کەئەمێنیێتەوە چینی لاون کە بەزۆری شتە کان ڕازی نین هەمیشەش وەك کائینێکی توورەی نێو کۆمەڵ دەبینرێن,ئەمەش وای کردووە کە کۆی دەنگە توورەکان زیاتر چینی لاوبێت,لەبەرامبەریشدا ئومێدێکی هێمن کەرەوەی هیوانیە ئەم دەنگە تورەیەیان کپکاتەوە,چونکە ئەو ئوومێدانەی کە دەخرێتە بەردەمیان لەئاستی بەشێکی زۆرکەمیش لە داواکانیاندا نیە,بۆیە کە لاو لە لەحزەیەکی وادا خۆی دەبینیٚکە هیچ وەڵامێکی جدی بۆ داواکانی نابینێتەوە و هەروەها هیچ نرخ و بەهایەکیش بۆئەو وزە و توانایەی دانانرێت ,بۆیەهێور..هێور ئومێدەکانی بەرەو بیٚهیوابوون شۆردەبێتەوە ,لێرەشەوە هیچ ئینتیمایەکی نامینیٚ بۆ هاووڵاتی بوون و خۆشەویستی نیشتیمانشیی تەواو لا کاڵ ئەبێتەوە,بۆیە کۆچ دەبێتە دوافریاد ڕەسی ئەم مرۆڤە تا شوێنێکی ترو جێگایەکیتربدۆزێتەوە بەدوای کۆی ئەوشتانەدا بگەڕێت کە خۆی بەدوایدا وێڵە,بۆیە نەوەی ئەمڕۆ بەهۆی ئەوکرانەوە گەورەیەی بەڕووی جیهاندا هەیەئامادەی ژیان نیە لەنێو ووڵاتێکی تەواو داخراودا بۆیە تووشی بەراورکردن دەبێت لەنێوان دوو جیاوازی زۆر لێك جیاوازدا ئەویش (کوردوستان و هەندەران)ە . کە زەوی ئاسمانیان فەرقەو بگرە زیاتریش,بۆیە کۆچیبەلێشاوی ئەمڕۆی لاوان هێمایەکی زۆر دیاروو ئاشکرایە بۆ ئەو پەری بیٚئوومێدبوون.**